# راگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی
# یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

YNDK

کاتژمێر 10ی سەر لەبەیانی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی 2005/5/18 ، کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیمان YNDK بە سەرپەرشتی هەڤاڵ غەفوور مەخمووری سکرتێری گشتی YNDK کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی YNDK لە هەولێری پایتەختدا سازدا ، دوای خولەکێك وەستان و بێ دەنگ بوون بۆ گیانی پاکی شەهید سەربەست مەحموودو تەواوی شەهیدانی کوردستان ، بارودۆخی سیاسی ئێستای کوردستانی مەزن و ناوچەکەو جیهان خرایە بەرباس و شرۆڤەکردن بەم شێوەیەی خوارەوە :

**باکووری کوردستان** : ئۆپەراسیۆن و جموجۆڵی سەربازی حکومەتی تورکیا دەرهەق بەنەتەوەکەمان لەم بەشەی کوردستاندا بەردەوامەو رۆژانە سەربازانی تورك لەشارە کوردییەکان بەبیانووی جۆراوجۆری بێ بنەما خەڵکی سڤیلی کورد دەستگیردەکەن و دووچاری زەحمەتی زۆریان دەکەنەوە ئەمەش وای کردووە رۆژ لەدوای رۆژ بەهۆی ئەم سیاسەتە شۆڤینییەی حکومەتی تورکیا ، کاندید کردنی ئەم وڵاتە بۆ نێو یەکێتی ئەوروپا دوور بکەوێتەوە، لەبەرامبەردا نەتەوەکەمان خۆڕاگرانە درێژە بەکارو خەباتی نەتەوەیی دەدات و یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزی ئەم ساڵیش بەبەشداریکردنی ملیۆنەها کورد لەم بۆنە نەتەوەییەدا نیشانەی خۆڕاگری و کۆڵنەدانی نەتەوەکەمانە لەم بەشەی کوردستاندا.

**رۆژهەڵاتی کوردستان** : لەم بەشەی کوردستاندا بزاڤی فەرهەنگی و رۆشنبیری بەردەوامی هەیەو ، کۆماری ئیسلامی ئێران بەبەردەوامی هەوڵ دەدات ببێتە کۆسپ و رێگر لەبەردەم هاتنی رۆشنبیران و خەڵکی رۆژهەڵات بۆ باشووری کوردستان و لەکاتی گەڕانەوەیان زەحمەتی زۆریان بۆ دروست دەکرێت بەبانگکردنیان لەدەزگائەمنییەکانی ئێران ودادگایی کردنیان بەبیانووی جۆراوجۆر، لەهەمان کاتدا هەڵمەتی خۆپیشاندانی خوێندەڤانان لەزانکۆکاندا خاڵی وەرچەرخان و گۆڕانن لەدژی پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ، ئەمەش خۆ ئامادەکرنێکی خورتی پێویستە لەلایەن هێزولایەنەکانی رۆژهەلاتی وڵات.

**رۆژئاوای کوردستان** : راپەرینە جەماوەرییەکەی پار ساڵی رۆژئاوای کوردستان دەرگای زیاتربۆ جم وجۆڵ و داکۆکی کردن لەمافە نەتەوەییەکانمان والاکرد ، لەم چەند رۆژەی رابردووشدا چەندین خۆپیشاندان لەم بەشەی وڵاتدا لەدژی حکومەتی سوریا لەپێناو داننان بەمافەکان و ئازادکردنی گیراوەسیاسییەکان سازکرا، بۆیە گەرەکە هێزو لایەنە سیاسییەکانی رۆژئاوای کوردستان هاندەر بن بۆزیاتر پەرەپێدانی ئەم چالاکییانە لەپێناو بەدەست هێنانی مافە نەتەوەییەکانمان ، چونکە ئێستا بەهۆی فشاری زلهێزان لەسەر سوریا دەرفەتەکە لەبارە بۆئەنجامدانی چالاکی سیاسی و جەماوەری زیاتر .

**باشووری کوردستان** : باری ئاسایش لەکۆبوونەوەکە زۆربەوردی هەڵوەستەی لەسەر کراو جارێکی تر کارە تیرۆریستییەکەی (4)ی ئەم مانگەی شاری هەولێر ریسواو مەحکوم دەکەین و پێویستە دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس بەخۆدا بچنەوەو چاوکراوەترین بۆپاراستنی ئاسایش، هەروا داوا لە ئەندامو لایەنگرانی YNDK و هەموو هێزو لایەنە سیاسییەکان و جەماوەری کوردستان دەکەین هاوکاری دەزگاکانی ئاسایش بن بۆئەوەی بەهەموو لایەکمان ئاسایشی کوردستان فەراهەم بکەین و لێنەگەڕێین تیرۆریستان جارێکی تر دەستیان بەخوێنی رۆڵەکانمان سوور بکەن.

هەروەها کۆبوونەوەکە بە وردی لەسەر ئەوە وەستا خەڵك بەپەرۆشەوە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان چوون و پەرلەمانیان هەڵبژارد، بەڵام تائێستا پەرلەمان یەکەم دانیشتنی خۆی سازنەداوە بەهۆی هەندێ کێشەوە، بەمەش بۆشاییەکی یاسایی لەکوردستاندا دروست بووە کەبوەتە مایەی نیگەرانی خەڵکی کوردستان لەبەرئەوە پێویستە پارتی و یەکێتی بەزووترین کات کێشە هەڵواسراوەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن و دانیشتنی پەرلەمان ئەنجامبدەن و حکومەتی یەکگرتووی کوردستان رابگەیەنن ، هەروەها پێویستە بەهەموو لایەکمان فشار بخەینە سەر لیژنەی نەهێشتنی ئاسەواری بەعەرەبکردنی ناوچە تازە ئازادکراوەکان بۆ ئەوەی ماددەی 58 جێبەجێ بکرێت .

**لەسەر ئاستی رێکخراوەیی** : کاروخەباتی رابردووی یەکێتیمان YNDK لەهەموو وارێکەوە بە وردی هەڵسەنگێندراو لەژێر رۆشنایی پێشڤەچوونەکان ودیاریکردنی کێماسییەکان بەرنامەیەکی تۆکمە بۆکارو خەباتی داهاتووی یەکێتیمانYNDK دارێژرا.

-مردن و رووڕەشی بۆدوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان .

-بێتە دی کوردستانێکی سەربەخۆو ئازادو یەکگرتوو دیموکرات .

**کۆمیتەی سەرکردایەتی**

**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**

YNDK

**28ی گوڵان /2705ی کوردی**

**18ی ئایاری /2005ی زایینی**

**هەولێر – باشووری کوردستان**